ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# کەرکوك لە نێوان چاوەروانی و ئارەزووی گەرانەوە

وەهاب شاە محمد
Shah.wahab@gmail.com



شاری کەرکوک گەورەترین کێشەی نێوان لایەنی کوردی ودەسەڵاتە یەک لەدوایەکەکانی دەسەڵاتی بەغدا بووە، ئەمەش لەبەر ئەو هەوڵ وهەڵوێستانەی دەسەڵاتی بەغدا، کەخۆی لە پرۆسەی تەعریب و سرینەوەی ناسنامەی کوردستانیەتی ئەم شارە دەگرێتەوە. دەسەڵاتدارانی بەغدا، هەروەک نەوە کۆنەکانیان دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقی تازەو دابەشکردنی کوردستانیان بەسەر وڵاتانی ناوچەکە بە هەڵ زانی بۆ بەردوامی پرۆسەی بەعەرەبکردنی کوردستان.

لەسەرەتا بەچری دەستیانکرد بەعەرەب کردنی شاری موسڵ، پاشان دەستیانکرد بە پرۆسەی بەعەرەبکردنی شاری کەرکوک وناوچەکانی تر. دەسەڵاتدارانی بەغدای تازە، بەهەموو هێزە سیاسێکانیان هەستیان بەگرنگی ئابووری و جەگرافي شاری کەرکوک وناوچەکانی تری وەک خانەقیین و سنجار وزۆر شوێنی تر کرد، بۆیە هەموو هێزێکی ئابووری، سیاسی وە سەربازی خۆیان بەکارهێنا بۆ پرۆسەی بەعەرەب کردنی کەرکوک.

رژێمی بەعس کە لەهەموو ژرێمەکانی تری پێشووی بەغدا زیاتر پرۆسەی بەعەرەب کردنی کەرکوکی بەرێوەدەبرد، گەورەتریین کێشەی بۆ خەڵکی ئەم شارەو کوردستانیەتی دەرووستکرد، ئەویش بەدەرکردنی کوردێکی زۆری ئەم شارەو هێنانی عەرەبێکی زۆری ناوچەکانی تر بۆی، ئەم کارەشی بە سوود وەرگرتن لە بێدەنگی دنیاو ناوچەکە بەرامبەر پرۆسەی بەعەرەب کردن ئەنجامدا، پاشان ئامادەیی ئەو خەڵکە عەرەبە هاوردانەی کە ویژدان وهەموو رەوشتە مرۆڤایەتێکانیان خستبووە ژێرپێ لەپێناو دەستگرتن بەسەر خاکی خەڵکی کورد.

پاش رووخانی بەعس، زۆر لە خەڵکی کورد وچاودێران لەوباوەرەدا بوون کە ئیتر کەرکوک بە یەکجاری دێتەوە باوەشی کوردستان وهەرچی عەرەبی هاوردەش هەیە دەگەرێنەوە جێ وشوێنی خۆیان، بەڵام رووداوەکان وهەڵوێستی هێزە سیاسێکانی تازەی ناو عیراقی هاوپەیمانی کورد ئەم راستیانەی بەدرۆخستەوە، ئەم هێزانەش لەبەر بییری شۆڤینی نەتەوەی وئاینی خۆیان دژایەتی هەمو ئاسایکردنەوەێک وگەرانەوەێکی شاری کەرکوکیان بۆ باوەشی کوردستان کرد.

ئەم هێزە سیاسیە تازانەی ناو عیراق و هەموو هێزە سیاسیکانی تری کۆنی بییر شۆڤینی بەتووندی دژ بەگەرانەوەی کەرکوک بوون وهەن بۆ باوەشی کوردستان، لەم هەڵوێستەشیان سوودیان لە چەند مەسەلەێک وەرگرت کە گرنگترینیان ئەمانەن.

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

1- هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر کێشەی کەرکوك وعەرەبە هاوردەکان، کە نابێ هەروا دەربکرێن و پێویستە وئالیەتێك و رێکەوتنێك هەبێت سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

2- هەڵوێستی هەندی وڵاتانی دەوروپشت کە دژ بەخەڵکی کورد، وەك کەمالیزمەکانی تورکیا، وڵاتانی عەرەبی وئێران بەرامبەر کوردستانیەتی کەرکوك وگەرانەوەی بۆ هەرێمی کوردستان.

3- مامەلەکردنی لایەنە کوردستانێکان لەگەڵ کێشەی کەرکوك، بەتایبەت هەردوو دەسەڵاتی کوردی، کاتێ رازی بوون کە کێشەی کەرکوك وناوچە تەعریب کراوەکانی تر دوابخرێت بۆ درووست کردنی حکومەت وپەرلەمانی عیراقی، پاشان جارێکی تر دووابخرێت بۆ ساڵی 2007 و راپرسێك لە شارەکە بکرێت بۆ مانەوە یان یەککگرتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەمەش وای لە لایەنی عەرەبی کرد کە زیاتر کاربکات بۆ پوچەڵ کردن وسەختکردنی ئەو بەڵگانەی کوردستانیەتی ئەم شارە دەسەڵمێنن، لە کاتێکدا ئێمەی کورد هیچ پێویستێکمان بەوە نیە بەڵگە بۆ کوردستانیەتی ئەم شارە بخەینە روو.

4- هەڵوێستی هێزە عەرەبێکانی ناو عیراق سەبارەت بە کێشەی کەرکوك، کە دەڵێن کەرکوك شارێکی عیراقیە نەك کوردستانی، هەمووشیان کار بۆ نەگەرانەوەی دەکەن بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا هەموویان بەئاگان لە پرۆسەی تەعریب چونکە مێژۆکەی زۆر کۆن نیە.

ئەم هۆیانەی سەرەوە وای لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی شارەوانی و پارێزگای کەرکوك کردووە کە نەتوانێ بەهیچ جۆرێك بریاری پێویست وئازایانە، یان گۆرانکاری ئەوتۆ بۆ ئاسایکردنەوەی باری کەرکوك بدات بۆ ئەوەی کوردە دەرکراوەکان بەئاسانی وبێ کێشە بگەرێنەوە سەر جێ وشوێنی خۆیان.

ئەنجومەنی شارەوانی وپارێزگای کەرکوك کەلەرێگای هەڵبژاردنێکی ئازادانەو دیموکراسیانە هاتۆتە سەرکار، بەتەواوی وابەستەی بریارەکانی هەردوو دەسەڵاتی کوردی بوونە، تاکوو ئێستا ناتوانن هیچ هەنگاوێك بۆ ئاسایکردنەوەی ئەم شارە کوردستانیە بدەن بێ گەرانەوە بۆ بۆچوون وبریاری هەردوو دەسەڵاتە کوردێکە.

هەموو ئەو ناوچە بەعەرەب کراوانەی ناو شاری کەرکوك ودەوروپشیئ هەیە، هەروەك خۆی ماوەتەوە، لە مانەوەی ناوی ناوچەو شەقامەکان بێت بەعەرەبی یان دەستگرتنی عەرەبە هاوردەکان بەسەر داموودەزگاکانی ئەم شارە. مانەوەی ناوی ناوچە بەعەرەب کراوەکان وشەقامەکان وەك خۆی کێشەیێکی گەورە لەپاشەرۆژ بۆ کوردستانیەتی ئەم

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

شاره دروست دەکات، پاشان دەبێتە بەڵگەیێکی باش بۆ لایەنی عەرەبی کە ئەم شاره کوردستانی نیە، بەڵگەش هەموو ئەو ناوچەو شەقامانەیە کەعەرەبیین وعەرەب نشیینن.

مانەوەی دەسەڵاتی ئیداری بەدەست عەرەبی هاوردە بووەتە هۆی کێشەیێکی گەورە بۆ خەڵکی کورد لەهەموو لایەنێکەوە، چی لە رێگای گەرانەوەی کارمەندە کوردەکان بێت بۆسر کاری خۆیان بۆ رزگاربوون لەبێکاری، یان بۆ کردنەوەی قوتابخانە کوردێکان و گەرانەوەی جۆری خۆێندن بەزمانی کوردی لەم شاره.

مانەوەی دامووده‌زگاکان بەدەست عەرەبێ هاوردەو هەندێ لایەنگیڕی ئەوان، کێشەی بۆ دامەزراندنی خەڵکی کوردی ئەم شاره درووست کردووەو ئەو عەرەبە هاوردانە بەهاندانیان لەلایەن دەسەڵاتی تازەی بەغداوه رێگا بەگەرانەوەی کوردەکان نادەن بۆ سەر کاری خۆیان، هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدان کە عەرەبی تازە لەداموو دەزگاکانی ئەم شاره دامەزرێنن.

ئەنجوومەنی پارێزگاو شارەوانی کەرکوک مافی یاسای هەیە بۆ گەرانەوەو گۆرینی هەموو ئەو ناوی شارۆچکەو ناوچە تازانەی بۆ عەرەبە هاوردەکان درووست کراوە، لەرووی یاسایشەوە هیچ لایەنێک توانای دژایەتی کردنی لەو جۆرە بریارانە نیە. ئەنجوومەنی شارەوانی دەتوانێ بێ گەرانەوە بۆ دەسەڵاتی بەغدا زۆر لەو کارانە ئەنجام بدات کە دەبێتە هۆی ئاسانکاری بۆ ئاسای کردنەوەی باری کەرکوک.

ئەنجوومەنی پارێزگاو شارەوانی نابویە رێگای بەعەرەبی هاوردە بدایە کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دووابییە بکەن، چوونکە دەنگدان وبەشداربوونیان لەدەنگدان رێژەی کورد کەم دەکاتەوە لە ئەنجوومەنی پارێزگاو شارەوانی، ئەنجامەکەشی رێگری وکێشەیە بۆ ئاسایکردنەوەی باری کەرکوک، کە دەسەڵاتدارانی تازەی بەغدا هەموو کارێک دەکەن بۆ ئاسای نەبوونەوەی.

کێشەی ئاسایش لەم شاره کە رۆژبەرۆژ ئاڵۆزتر وترسناکتر دەبێت هۆیەکەی دەگەرێتەوە بۆ هاوکاری عەرەبە هاوردەکان وئەو عەرەبانەی کە تاکو ئێستا لەداموودەزگاکانی ئاسایش وپۆلیس لەسەر کارەکانیان ماون لەگەڵ گرووپە تیرورستێکان و بێچۆکانی بەعس، مانەوەشیان بارەکە خراپتر وترسناکتر دەکات، بۆیە دەبوایە ئەنجوومەنی پارێزگاو شارەوانی کەرکوک بەزووترین کات ئەو خەڵکانەی لەسەر کارەکانیان لابدایە بێ هیچ گوێ دانێک بە بریارو وبۆچونەکانی دەسەڵاتی بەغدا.

بەشداری عەرەبی هاوردە لەهەڵبژاردنەکان مافێکی یاسایان دەداتێ بۆ رێگاگرتن لەهەموو هەوڵێکی کوردی بۆ ئاسای کردنەوەی باری کەرکوک ودەبێتە هۆی بەردەوامی و مانەوەی پرۆسەی تەعریب لە کەرکوک.

مانەوەی بارەکە بەم جۆرەو دواخستنی ئاسیکردنەوەی بۆ ساڵی 2007 تەنها لەخزمەتی پرۆسەی تەعریبە، لایەنی عەرەبی چاوەروانی گۆرانکاری وروداوەکانی

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

دوارۆژە بۆ جێبەجێ نەکردنی مادەی 58، ئەگینا هیچ هۆیێک نیە بۆ نەگەرانەوەی کەرکوک بۆ باوەشی کوردستان و ئەنجامدانی گەرانەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ کاتێکی تر.

نزیکەی 3 ساڵ تێپەربوون بەسەر رووخانی سەدام وساڵێک بەسەر حکومەتی جەعفری تاکو ئێستا هیچ کام لە بەندەکانی مادەی 58 جێبەجێ نەکراوە، ئەو کوردانەی گەراونەتەوە بۆ کەرکوک خۆیان هاتوونەتەوەو حکەموتی ناوەند هیچ جۆرە ئاسانکاری بۆ گەرانەوەیان نەکردووە.

ئێستا کە هەموو چاوەروانی دروستکردنی حکومەتێکی تازەین کە ماوەی 4 ساڵ دەسەلاتی بەدەستەوە دەبێت، پێویستە ئەو دەسەلاتەی ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانی کەرکوک هەیەتی بەکاربهێنرێ بۆ ئاسایکردنەوەی بارەکە بێ چاوەرێکردنی هاوکاری وبریار لەلایەن بەغدا، یان ئەو رێکەوتنامانەی لایەنی کوردی بەستویێتی لەگەڵ بەغدا.

چاوەروانی بۆ جێبەجێکردنی رێکەوتنامەکان کەرکوک دەکاتە قوربانی بییری شۆڤینی عەرەب کە بەهیچ جۆرێک نیازی پابەندبوونیان نیە بەرامبەر هەموو ئەو بەڵین و ریکەوتنامانە بۆ ئاسایکردنەوەی باری کەرکوک، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەڵوێست و کارەکانیان تەنها لەخزمەت بەردەوامی پرۆسەی تەعریبە.

ZAGROS WEBSITE